## دیداری هونەرمەند فرمێسک مستەفا ... سازدانی هەڵکەوت زاهیر



هەڵکەوت... ئەم کاتەت باش مامۆست زۆر خۆشحاڵم بەم دیمانەیە چ وەك هونەرمەندێك و چ وەك ئەوەی بەرێزتان مامۆستام بوون سوپاس بۆئامادە بوونت،

فرمێسك... ئەم کاتەت باش هەڵکەوت گیان منیش زۆر خۆش حاڵم بەسازدانی دیمانە لەگەڵ تۆی خۆشەویست، کەبەڕاستی خۆشەویستی لای هەموومان، وەجێی کارەکانت دیارە لەلامان چوەك بواری هونەرەکەت وەك ئەو دیمانە هونەریەنەی بە ئەنجامت گەیاندون

هەڵکەوت... کورتەیەك لەسەر دوا چالاکیت؟ فرمێسك... (کاتێك بەهار نەیدەویست بێتە سەرزەمین) کارێکی پێداگۆگی شانۆی منالآنە واتەلەرێگای شانۆوە چۆن کار لەگەڵ رەوشت و پەروەردەی منالْ دەکەیت، بەچەند ڕاهێنانێکی جەستەی کە خۆی بە خۆی پەروەردەو بەخێوکردنیش دەگرێتەوە، چۆن لەرێگای دەقێکەوە مامە لە لەگەل ناخیدا دەکەیت، کار لەگەڵ هەڵسوکەوتیا دەکەیت، شانۆ کار دەتونێ زۆر کاری جۆراو جۆر بکات کە کاری گەری هەبێت لەسەر دەوروپشتی .. وەکاری منالێش کارێکی هێندە ئاسان نیە، کاتێ لەو دەرگا بچوکە دەدەیت پڕیەتی لەنهێنی مەزن و گەورە جیهانێکە زۆر جار گەورەکان دەستیان لەتێك دانی ئەو جیهانە پاك و رەنگاو رەنگە دا هەیەکارکردنیش لەگەڵ ئەم جیهانەدا دەبێ زۆر هەستیارانە دەستی تێوە بدەی وچونکە گەر بەپێچەوانەی ئەوە بێت هەتا هەتایە تۆ بەرپرسیاری لەرەوشتی ئەو منالە، زۆر جاریش دەتوانی لەجیهانی منالەوە رۆ بچیتە نێو جیهانی مەزنان و لەسەر زاری منالان پەیامێ بەگەورەکان بگەێنیت...

هەڵکەوت ..ئەم پرۆژەیە لە کۆی دەکرێت و بە چ زمانێك؟
فرمێسك.. ئەم پرۆژەیە سەرەتا لەگەڵ کاك هاورێ زەنگەنە ئەنجامان دا بۆ منالآنی قوتابخانەی کۆمەڵەی کلتوری شتوگارت، ئەم دەقە نووسینی کاك هاورێ زەنگەنەیە.. بەڕاستی من سوود زۆرم بینی، چونکە یەکەمین جاربوو لەگەڵ مندالآندا کارێکی شانۆی بکەم بەتایبەتیش کارێك بێت کەئێمە زۆر نامۆین پێی، ئەویش چۆن پەروەردەی دوو بەخێوکردن و فێرکردن، واتە (پێداگۆگیك) کارێکی دەرونی یە بیکەیتە شانۆوە و لەرێگای شانۆوە کار لەگەڵ هەڵسوکەوتی منالآندا بکەی و ناخیان بهێنیتەگۆ و ئازادیان بکەی لەوسنورە تەسکەی خێزان و زۆر جاریش کۆمەڵگا پێی داون..بێ لەوەش من بۆ خۆم دوو خولی ڕا هێنانی سەماو کارکردن لەگەڵهزرو جەستەدا کرد لی خاتوو (ئولریکا) ئەم دوو ئەزموونەم بێ گومان لەگەڵ ئەزموونی چەندین ساڵەی شانۆی خۆمدا کۆکردەوە ئێستا وەك سەرەتایەك لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەڵمانی لەشاری شتوتگارت دەیلێمەوە وە ئەم کارە لەم دەقە شانۆییەوە سەرهەڵدەدات وە لەرێگای ئەم دەقەوە کار لەگەڵ ئەو منالآنەدا دەکەم ...

هەڵکەوت... کاتێ بەهار نەیدەویست بێتە سەر زەمین چ دەقێکە بۆ مناڵ وچی دەڵێ؟
فرمێسك...لە دایك بوونی ئەم نوسینە لای نوسەر ئەو کاتە بووە کە لە هایمی پەناهەندەکان ومناڵان گاڵتە جاری بە مناڵێکی ڕەش پێست دەکەن نایانەوێ یاریان لەگەڵ بکات دوای نوسینی ئەم دەقە نوسەر خۆش وەك شانۆ کارێك (پێداگۆگێك) کار لەگەڵ ئەومناڵانەدا دەکات ئەوسا کەئەنجامەکەی ئەوە بووە کە ئەومناڵە ڕەش پێستە چەند خۆشەویست و نزیك دەبێتەوە لەمناڵانی تر .. ئەم دەقە زۆر فراوانە واتای زۆرە و لەزۆر سەردەم و کاتی جیاوازدا دەتوانرێ لەڕێگایەوە نەك تەنها وەك دەقێ بەلرکو وەك کارێکی (پێداگۆگیش)
لەگەڵ مناڵا بکرێ ..

هەڵکەوت..کارکردن لەگەڵ دووکلتوری جیاوازدا چۆن دەبینی؟
فرمێسك.. ڕاستە یەکەم ئەزموون بێ لەوەی تەنها نەبووم لەگەڵ کلتورێ کارم دەکرد کە خۆشم پەروەردەی ئەو کلتورەم گەرچی هەر مناڵی پەروەردەیەکی جیاوازو لەخێزانێکی جیاوازدا هاتبوون، بەڵام ئێستا کەنەك تەنها زمتن جیاوازە بەڵك و کەلتورو خێزانەکانیش جیاوازن ومناڵەکان لەچەند نەتەوەیەکی جیاوازەوەن گەر لەیەك پۆلیش و قوتابخانەیەك و بەیەك زمانیش بدۆێن واتە کارەکەی دەیکەم بێ لەوەی کارێکی شانۆیی (پێداگۆگیك)
بێ کارێکی نێونەتەوەی دەگرێتە خۆی، هەڵبەتە لەم لایەنەوە سەختی خۆی هەیە بێ گومان جیاوازیشی هەیەڕۆژانە کەلەڕاهێنان دەبمەوە بیرو ڕایان دەپرسم بەرامبەر ئەو ڕۆژە دەپرسم وەڵامەکانیان ڕاستگۆو ڕوون پێت دەڵێن و هیچ شەرم ودوودڵیەوە...
هەڵکەوت.. لەشانۆوە بۆ درامای تەلەفزۆێنەکان، ڕاو سەرنجت چییە بۆ دراما تەلەفزۆێنەکان؟
فرمێسك... دراماکانی ئەماۆ نەیان توانیوە چارەسەر بۆ بابەتەکانیان بدۆزنەوە، بەواتای ئەو بیرۆکەیەی پێشکەشی ئەکەن گرفتەکەی وەك خۆی بۆت جێ دێڵن، هەروەها بەگشتی دراماکان درامای پیاوە ڕۆڵی ئافرەتی زۆر کەمە تێدا...

هەڵکەوت.. چۆن بتوانین کۆمەڵگا بەرەو سینەما ڕاکێشین، بۆ نموونە ڕۆشتن بۆ سینەما بۆ ئافرەت تا ئێستا بەدیاردەیەکی خراپ دەبینرێ؟
فرمێسك.. سینەما خۆی لەخۆیدا شارستانیەتە، بەداخەوە لەلای ئێمە زۆر بەحراپ سەیری سینەما دەکرێت، هیوادارم هەوڵی بۆ بدرێت، وپەرە بە هونەری سینەما بدرێت، کۆمەلانی خەڵك نزیك بکرێتەوە لە سینەما... هەڵکەوت.. وەك ئەکتەرێکچ هونەرمەندێکی نواندن سەرنجی ڕاکێشاوی؟
فرمێسك.. دیارە زۆرن بەلام ئەوەی لەبیرم بێت کامەران ڕەووف، سۆفیالۆرینو فاتن حەمامە

هەڵکەوت.. چی لای فرمێسك ناخۆشە؟
فرمێسك..دابڕان و ماڵ ئاوای و بێ وەفای هەڵکەوت .. دەنگی کێت لا خۆشە؟ فرمێسك.. کڵپە و عەدنان کەریم ونەجات سەغیرە، جۆرج وسوف شەهرامی نازری عەلی مەردان

هەڵکەوت..کێت لا جوانە؟
فرمێسك..تەنها جوانێك کەڕوحێکی ڕاست گۆو گەرمی هەبێت..

هەڵکەوت.. چ وەرزێك پێ خۆشە؟
فرمێسك..پایز....

هەڵکەوت.. زۆر خۆش حاڵبووم دووبارە سوپاس بۆ تۆی بەڕێز
فرمێسك ..من سوپاسی تۆ ئەکەم لەڕێی دیمانەکانی تۆ ئازیز کەمێك خەمەکانمان کەم ئەبێتەوە، بێ گومان زۆر خۆشترە کە دیمانە لەگەل کەسێکی بۆچونەکانمان دەکەیت چونکە بۆ تۆ نامۆ نین زیاتر دەتوانی تێ بگەیت لێمان وەبەکارێك وخزمەتێکی زۆری دا ئەنێم زەحمەتی بەڕێزتان هەڵکەوت گیان..